وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب.گرێبەستە گشتییەکان

وزارة الداخلية
محافظة أربيل
مديرية العقود العامة

ژمارە: ١٩٠ ٢٠٢٠/ ١١ / ٢٤ زایینی

ئاگاداری

ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦٣)

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەینێت بۆ پڕۆژەی (خاوێنکردنەوە و کۆکردنەوە و گواستنەوەی زبڵ و پاشماوەکانی شارەوانییەکانی (بنەسلاوە ، کەسنەزان ، دارەتوو ، گوندەکانی دەوروبەریان) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر) پێی هەلدەستێت. جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١٢)پنیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٩ /١٢/ ٢٠٢٠ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر رازی بێت .وە کرێی بلاو کردنەوەی راگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

<u>مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :</u>

- ❖ کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە خزمەتگوزاری پاککردنەوە وە پشتگیری نوێ کراوەی ساڵی (٢٠٢٠)ی هەبێت .
- ❖ پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت .
- ❖ بارمتەی سەرەتایی بە بری (٢٨٠.٠٠٠.٠٠٠) دوو سەد و هەشتا ملیۆن دینار بە شێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسەند کراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم .
- ❖ دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .
- ❖ فرۆشتنی تەندەر (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.

<u>تێبینی</u> :-

هەر کۆمپانیایەك دەتوانێت تەنها لە دوو تەندەر بەشداری بکات .

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .

مافپەروەر
هێمن قادر
ل / پارێزگاری هەولێر
٢٠٢٠/١١/

<u>وێنەیەك بۆ :-</u>

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / تکایە.....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست.....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی (I .T)
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا .....
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا .....
- ✓ یەکیەتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست